کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی کشتی سەربەخۆی کوردیە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 8-1-2007 17:46

# چوارڕیانی سەرچنار و پێنج ئەسپەکە و موعەمەر قەزافی ... مەریوان بەرزنجی

لە چوارڕ رێیانی سەرچنار پەیکەری پێنج ئەسپ هەبوو کە هەموو ڕووخساری هاوار و ترسیان پێوە دیار بوو، هەروەها وێنەیەکی بارزانی نەمر، مەخابن کە شەڕی ناوخۆ هێشتا لە خۆگڤکردنەوەو شەڕی ئیعلامیدا بوو، دەستێکی نادیار پۆستەرەکەی بارزانی بە قازیفەیەك پێکاو دواتر بە ڕەسمی دەسەڵاتی شارەکە پێنج ئەسپەکەی شکاند و تا مانگێکیش لەو دەوروبەری شۆستانەدا فڕێیان دا گوایە پەیکەرتاشەکە پارتییە بەڵام نەیاندەزانی ئەوە ڕەمزی پێنج هەزار شەهیدی هەڵەبجەیە.. خەڵکی نەفام دەیانوت عەرەبانچی و ئەسپەکان لەوناوە کەوتوون... هەرچۆنێك بێت.. دولتر ناونرا چوارڕێانی یان پارکی (معمر قەزافی) گوایە دۆستی دێرینی کوردە و لەسەر مافی کورد هەڵدەداتی
بەڕای من بۆیە قەزافی مانیعەتی مافی کوردی نی یە چونکە کورد لە وولاتەکەیدا نی یە
ئەم زاتە موحاکەمەی سەدامی بە مەهزەلە بی بنەما وەسف کرد و کچەکەی پارێزەرێتی سەدامی دەکرد و تانەی لە مەحکومە دەدا.. باشە کە لە دوا لە سێدارەدانی سی ڕۆژ ماتەمینی سەرتاسەری لە لیبیا ئیعلان کرد ئایا شایانی ئەوە نییە ئەو ناونیشانی (پارکی معمر قەزافی) لە چوارڕێانی سەرچنار دابگیرێت.